گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# وەرچەرخانی شێوە لە پەیکەرەکانی هونەرمەند بورهان سابیر لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریە

# Transformations of form in the sculptures of the artist Burhan Saber

**مامۆستای یاریدەدەر کاروان رەشید حەسەن**
بەشی شێوەکاری / کۆلێژی هونەرەجوانەکان /زانکۆی سەلاحەدین
karwan.hassan@su.edu.krd

**زانیاری توێژینەوەکە**

وەرگرتن : ٢٠١٩/٧/٥
پەسەند کردن : ٢٠١٩/٨/٧
بڵاوکردنەوە: پایزی ٢٠١٩
Doi : 10.25212/lfu.qzj.4.4.9

**وشە سەرەکییەکان:**

***Art***
***sculptor***
***transformations***
***form***
***Burhan Sabir***

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بابەتی وەرچەرخانی شێوە لە بەرهەمەکانی پەیکەرساز بورهان سابیر لەخۆ دەگرێت، هەروەها هەوڵدەدا ئەم وەرچەرخانە بدۆزێتەوە لە کۆمەڵێك بەرهەمی هونەرمەند بورهان سابیر.
ئەم توێژینەوەیەدەست نیشانکراوە بە ناونیشانی (وەرچەرخانی شێوە لە پەیکەرەکانی هونەرمەند بورهان سابیر) کەوا خۆی دەبینێتەو لە چوار بەش.
بەشی یەکەم : پێك دێت لە گرفتی توێژینەوەکە و گرنگیەکانی و ئامانجەکانی و سنورەکانی و دیاریکردنی زاراوەکان.
**بەشی دووەم :** تایبەتمەندە بە چوارچێوەی تیۆری کەپێك دێت لە دوو باس.
باسی یەکەم بریتیەلە: شێوەو گرنگی لە بەهای هونەری شیوەکاریدا.
باسی دووەم بریتیە لە : وەرچەرخانەکانی شێوە لە هونەری نوێ ی هاوچەرخ.
**بەشی سێهەم:** تایبەتە بە جێ بەجێ کاریەکانی توێژینەوە و شیکردنەوەی چەند سمپڵێك لە بەرهەمانی پەیکەرساز بورهان سابیر بۆ دەست نیشانکردنی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە.
**بەشی چوارەم:** بریتیە لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوە کە توێژەر پێیگەیشتوە پاش شیکردنەوەی سامپڵەکانی پەیکەرەکانی پەیکەرساز بورهان سابیر کە دیارترینیان ئەمانەن :.

1. لە ئەنجامی سادەکردنەوە و دابرینی شێوەکان لە شێوە ڕاستەقینەکان پەیکەرساز وەرچەرخانی بەدیهێناوە لە بەرهەکانیدا وەك لە نموونە شیکراوەکاندا دیارە.
2. هونەرمەند بورهان سابیر دوپاتی بیرۆکەی سوفیانە دەکاتەوە لە وەرگێرانی بۆ شێوە ئەبستراکتەکان وەك لە بەشێکی زۆری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرهەکاندا بەدی دەکرێت بەتایبەت ئەو نمونانەی کەوا شیکردنەوەیان بۆ کراوە.

پەیکەرساز وەرچەرخانی بەدیهێناوە لە شێوەکان بەهۆی نەهێشتنی بەشێکی لاشەو بڵاوە پێکردن و ئەستراکت کردنی بەشەکانیتر بۆ خزمەتی بابەت و گوزارشتکردن. وەك لە نمونەی سێهەم

## پێشەکی:

هونەر وەك سێکتەرێکی گرنگی ناو سێکتەرەکانی شارستانیت هاوسەنگ بونی دیارو بەرچاو لەمەڕ قۆناغەکانی نوێبونەوەو وەرچەرخاندا، بە دەرچون و تێپەڕاندنی لەو پرەنسیپ و پابەندبوونانەی لە ئاراستە جیاوازەکانی پێش خۆیدا بونیان هەبووە.
وەرچەرخان لە هونەری مۆدێرنەدا لە بەجێ هێشتنی چەقدا کۆتایی دێت و خود دەبێتە سەنتراڵی کایە هونەریەکان و لە ناویاندا هونەری شێوەکاری زۆر تایبەتیش پەیکەرسازی دا کە لە یەکەم هەنگاودا شێوەکان تێکدەشکێن هەنگاو بەرەو نا مەئلوف بوون چڕ دەکاتەوە و گۆشە نیگای خودگەرای دەبێتە جێگرەوەی تێڕوانینە باوەکان و لە (بابەت مەندی بۆ خودگەریی) دەبێتە چەقی وەرچەرخان لە شێوەدا.
وەرچەرخان نەك تەنها دەلاقەی شێوە پەرت دەکا بەڵکو ماتریاڵە جیاوازەکان وەك ناوەندێکی گەیاندن لەیەك کردەی هونەریدا کۆدەکاتەوە، لە تەوژمی هزری و فەلسەفی جیاوازدا دەیانکاتە ئەزموون.
دەبێت ئەزمونەکانی هونەرمەند (بورهان سابیر) لەم نێوەندەدا هەڵگری کام لە گوتارەکانی گوزارشت و خودگەرایی و ستاتیك وبەزاندنی چەق بن.

## بەشی یەکەم : چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

گرفتی توێژینەوە : هونەر وەك زانستێکی مرۆیی خاوەن رەهەندی دەربرین لە خانەی بینەیی دا، تۆمارێکی مێژووی بەرجەستەکراوی هەیە، ئاراستە هونەریەکان لە قۆناغ گەلی جیاوازدا حەقیقەتی وەرچەرخانی بەرجەستەو واتادار کردووە. بەڵام وەرچەرخانەی لە سەردەم و بە پێی ئاراستەکردنی فەلسەفەی هونەر لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی جیاوازتر سنوری پرەنسیپی التزام تێ دەپەڕێنێ و ئەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێپەراندنەش ڕاستەوخۆ لە هەنگاوەی یەکەم دا (شێوە) دەکاتە ئامانج ئەمەش لە رێگەی کردە هونەریەکانەوە بونەتە تۆمارێکی بینەیی. دەپرسین داخۆ وەرچەرخانی شێوە لە نێو کردە هونەریەکانی هونەرمەند بوهان سابیر دا چۆن سەرچاوەی گرتوە.

گرنگی توێژینەوە : گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند خاڵەدا دیاریکراوە.

1. ئەم توێژینەوەیە یەکەمین توێژینەوەیە کەوا لێکۆلینەوە لە دیاردەی وەرچەرخانی شێوە دەکا لە بەرهەمە هونەریەکانی پەیکەرساز بورهان سابیر.
2. ئەم توێژینەوەیە باسێکە لەو دیاردە داهێنانە فراوان وبەربڵاوەی وەرچارخانی شێوە.
3. توێژینەوەکە تیشك دەخاتە سەر سروشتی وەرچەرخانی شێوەو کەرستەو پێکهاتەی پەیکەرەکانی پەیکەرساز بورهان سابیر.
4. ئەم توێژینەوەیە تایبەت دەبێت بە لێکۆلینەوە لە پەیکەر لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و پەیکەرساز بورهان سابیر بەتایبەتی.

ئامانجی توێژینەوە : ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە .:
دەرخستنی وەرچەرخانەکانی شێوە لە بەرهەمەکانی پەیکەرساز بورهان سابیر.
سنوری توێژینەوە : 2000 تا 2005
سنوری شوێن : هەرێمی کوردستان – عیراق.
سنوری بابەتی : بەرهەمە پەیکەریەکانی پەیکەرساز بورهان سابیر.
دیاری کردنی زارەوەکان: وەرچەرخان وەکو زمانەوانی: وەرچەرخا لە بابەتێك بۆ بابەتێکی تر(گۆڕا)، یان لە دۆخیك وەرچەرخا بۆ دۆخێکیتر، شتێك گۆڕاو جێما بۆ شتێکیتر (بۆ کەسێکیتر). (الأنصاري، لاپەڕە763).
وەرچەرخان وەکو زاراوە: بریتیە لە گۆڕینی بابەت بۆ بابەتێکیترو پێچەوانەی وەستان و سەقامگیریە. (الأنصاري، لاپەڕە 763).
وەرچەرخان لە ڕووی جێبەجێکردن (پراکتیسەوە): ئەو وەرچەرخان وگۆڕانانەیە کە کە لە شوێنێکیتر یان لە سەرجەمی پەیکەرێکی پەیکەرساز بورهان سابیر روویدابێت، یان لە شێوازو تەکنیکی ئەودا جێبەجێکرابیت.
فۆرم (شێوە) وەکو زمان: ئەمەش چەشنی نموونەیە، ئەوە لە شێوەی ئەمەدایە، یان نموونەی ئەم شتەیە، فلان شت لە شێوەی فلان شت، یانی وەکو ئەو، وەکو حاڵەتی ئەوە. هاوشێوەی مرۆڤ: شێوەو لایەن و ڕێگای. (ابن منظور: ل 356).
شێوە، فۆرم وەکو زاراوە: بۆچون و تێگەیشتن وپێناسەی فۆرم گۆڕاوە بە پێ ی ئەو هزرو فیکرەی دەیەوێت قسە لە سەر شێوە بکات، بەگشتی لە گۆڕاندایە بە پێی :-

ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سروشتی هەر فەلسەفەو فیکرو قسەکەرو فەیلەسوفێك کە کردویەتی بە بابەتی خۆی.
شێوە وەکو کردار (پراکتیس): بریتیە لە بەرهەمی پەیکەر؛ بریتیە لە وێنەو بەژن و ڕێکەوتەی دەرکەوتوویی بەرچاوان.

## بەشی دووەم : چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە .

### باسی یەکەم : شێوەو گرنگی لە بەهای لە هونەری شیوەکاریدا.

بەر لە قسەکردن لەسەر شێوەو بەهای لە هونەری شێوەکاریدا، توێژەر لەو بروایەدایە کە پێویستە قسە لەسەر ئەوە بکرێ "شێوە" یان فۆرم خۆی چیە، سروشتی "شێوە" چیە، ڕۆڵی لە هونەردا بەگشتی چیە، چونکە بەشێکی زۆر لە فەیلەسوفەکان و تیئۆرزانەکان ناکۆکن لەسەر دەست نیشان کردنی ئەوەی شێوە چیەو ڕۆڵی لە هونەری شێوەکاریدا تەنانەت ناکۆکن لەسەر ناوەڕۆکی شێوەش.
چەمکی "شێوە" لەسەرەتاو لە کۆتاییدا پەیوەستە بە هزرو سروشتی ئەو هزرەو بۆچوونی فەیلەسوفەکان و تیئۆرزانە ئیستاتیکیەکان، چونکە شیوە لە ڕوانگەی هزری ئایدیالیەوە تەواو جیاوازە لە هزری ماتریالیستی و براگماتیزم یان وجودیی، هەمان جیاوازیش هەیە لە مامەڵە لە گەڵ "شێوە" لە نێوان ڕیبازە جیاوازەکانی هزری نوێ وهاوچەرخ و لە نیوان ڕیبازە جیاوازەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ وەکو بونیادگەرایی و دال و مەدولول گەرایی و هەڵوەشاندنەوەو تەفسیرگەرایی.
کەواتە؛ شێوە چەمکێك یان کۆمەڵێ چەمکی جیاوازە، کەئەم توێژینەوەو لقە دیاریکراوەکانی لەم جۆرە، لە توێژینەوەی بچووك بەشی ئەوە ناکات بە شیوەیەکی بەرفراوان لەسەر ئەم بابەتە بدوێین، ناشتوانین کەڤەری ئەو پانتاییە مەعریفیە بکەین لە ڕووی چەندایەتی وچۆنیەتی بابەتی شێوە.
بەڵام دەتوانین ئاماژە بە گرنگترین ئەو شتانە بکەین کە لەو بارەوە هەیە، نەك لە پێناسەی شێوە بەڵکو لە بەهای شێوەو مەرجەکانی لە پێکهاتەی هونەریدا، بەڵام ئەمە دوای ئەوە دێ چۆن پێناسەی شێوە دەکەین؟ چونکە هەندێ لە تیئۆرزانەکان وفەیلەسوفەکان شێوە بەو جۆرە لێکدەدەنەوە کە جۆرج سانتیانای فەیلەسوف پێ ی وایە بریتیە لە "هاوجوت بوونی ڕەگەزە پێکهێنەرەکان، کە لە پێکهاتەی خۆیدا هۆشمەندی ئەوە لە خۆ دەگرێ پێکهاتەکان بناسێتەوەو لەم پەیوەندیەشدا تێگەیشتن لە شێوەو هەست پێکردن دروست دەبێ" (سانتیانا: ل119)
ئەمەش مانای ئەوەیە شێوە "ڕوخسار" فۆرم، لە لای سانتیانا بەشێك نیە لە کۆی بەشەکان، بەڵکو خۆی بۆ کۆی ئەم بەشانەیەو خۆی بریتیە لەسەرجەم ئەو بەشانە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەچی "ناسان نۆبلەر" لە کتێبی (دیالۆگی ڕوانگە) لەو بڕوایەدایە شێوە ڕەگەزێکی سەرەکی کاری هونەریە " ئەو شەش ڕەگەزەش: شێوە و سپیس و ڕوکەش و ماددەو ڕەنگ و هێڵ". (ناسان،ل ٩٣)

لێرە جیروم ڕێکخستنی ئاماژە تەعبیریەکان هەروەها ڕێکخستنی ڕەگەزە نێوەندگیریەکان زیاد دەکات ئەمەش بابەتێکی جیاوازە لەوەی سانتیاناو نۆبلەر لەسەری دواون، ئەو دەچێتە نێو پرۆسەی تەعبیرکردن و توانای تەعبیر لە سیستەمی شیوەو ڕەگەزەکانی.

فەیلەسوفی پراگماتیستی جۆن دیوی وێنە بەتەنیا لە جیاتی شێوە ئیستیعارە دەکات و دەڵێت " ڕاستە وێنەو مادە لێکدراون لە کاری هونەریدا، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەوانە یەك شتن، بەڵکو بەو مانایە دێت کە وێنەو مادە وەکو دوو شتی جیاواز خۆیان لە نیو کاری هونەریدا نیشان نادەن، کاری هونەری بریتیە لە مادەیەکی ئاوێتەکراو، بەڵام ئەو کاتە وێنەو مادە بەجیا خۆدەنوێنن، کاتێ هزرو ووردبونەوەی ئەقڵی دێتە پێشەوە، چەشنی ڕەخنەو لێکۆڵینەوە تیئۆریەکان". (دیوی، ل192).

لەوەی خرایە ڕوو، دەتوانین بڵێین؛ بۆچوونەکان جیاوازو جۆراوجۆر بوو لە نێو ئەو کۆمەڵە لە فەیلەسوف و تیئۆرزانەکان لە ڕوانینەکانیان بۆ مانای شێوە.

ئێستاش دوای ئەو خستنە ڕووە خێرایە بۆ مانای شێوە، توێژەر دەیەوێ لەسەر بەهای شێوە لە هونەری شیوەکاری هاوچەرخدا بدوێ، بەڵام دواتر لەسەر بابەتی وەرچەرخانەکانی شێوەو دەستنیشان کردنی ئەم وەرچەرخانانە لە هونەری مۆدێرن و پۆست مۆدێرندا لە بەشی دووەمی ئەم چاپتەرە تئیۆریە گفتوگۆی لەسەر دەکرێ.

بە دڵنیایی بەهای ئیستاتیکی یان گوزارشتی شێوە یان هەر بەهایەکیتر بە پێ ی پێوەرێکی دیاریکراو دەستنیشان دەکرێت. بەڵام، بۆ هەرهزرێك تەنیا یەك بەهاو پێوەری دیاریکراو نیە، بەڵکو چەندین بەهاو پێوەری جیاواز لەکاردایە تەنانەت لە نێو خاوەنەکانی یەك هزری فەلسەفی دیاریکراودا، ئەمەش لە بۆچوونەکانی سێکوچکەی ئاڵتونی گریکی ؛ سوکرات و ئەفلاتون (پلاتۆ) ئەرستۆ هەستی پێدەکەین، هەرەوەها لە نێو میتافیزیکە نوێیەکانیش وەکو کانت وهیگل و سانتیاناو کروتشەو کەسانیتریش هەستی پێدەکەین.

بۆ نموونە؛ ئەفلاتون شێوەیەك بە شیوەیەك دانانێت ئەگەر شیوەیەکی ئەندازەیی نەبێت، کە پێك هاتبێت لە هێڵ و سوچ (کۆڕنە)و بازنەو کەوانەی ئەندازەیی، لە کاتێکدا سوکرات بە شێوەیەکیتر مامەڵە دەکات، ئەو مەرجی "سود" گەیاندن و سودبەخشیی هەبوو بۆ شیوە، ئەرستۆش لە دووڕیانی ئەندێشەی "گونجاو" بوون

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و "ڕێکخستن"دا مامەڵەی لەگەڵ دەکرد تا شێوە بگاتە ئاست و بەهایەکی گوزارشتکارو وئیستاتیکی، یان ووردتر ببێتە شێوەیەك کە هەڵگری جوانیەو گوزارشت لە جوانی دەکا.

لە دیالۆگی فیلیبۆس دا؛ ئەفلاتون لەسەر زاری سوکراتی مامۆستای خۆی دەڵێت "چێژبینین لە جوانی ئەوەیە کە لە هاڵاوی ئەو ڕەنگانە دێنەدەر کە ناومان ناون ڕەنگی جوان، هەروەها لە هەموو ئەو شیوانەی پێمان جوانن، هەروەها لە هەموو چێژوەرگرتنەکانی هەستەکانی بۆنکردن و گوێگرتن- چێژوەرگرتنی ڕاستەقینە لە هەموو ئەوشتانە دروست دەبن کە لە کاتی نەبوونیان نابنە سەرچاوەی ئازار، بەڵکو بە پێجەوانەوە ئەو هاوڕازی بوونەی لەو شتانە دێنە کایە دەبنە مایەی هەست کردن بە خۆشیەك کە پابەند نیە بە ئازار". (خباز، ل ٩٦)

بۆچوونەکانی ئەفلاتون لەسەر هونەرو جوانناسیدا دەبێ لەسەر ڕێڕەوی گشتی فەلسەفەکەی شیبکرێتەوە کە دیەوێ سروشی "ئیلهامی" دونیایەکی باشتر بدات بە بوون، ئەو فەیلەسوفی وەکو لاسایی کەرەوەی سوفستائی شرۆڤە کرد، ئەوانەی ووتاردەدەن وشاعیرەکان وهونەرمەندەکان هەمووی لاسایی دەکەن، بەڵام ئایا حەقیقەتی لاسایی یان کرداری لێکچواندن چیە لای ئەوان؟ لاساییەك هەیە کە پشت دەبەستێ بە مەعریفە و هاوەڵە بە ڕاستگۆیی و زیاتر نزیکە لەو گوزارشتە ڕاستگۆیەی کە پابەندی حەقوازیەو جوانی بەدی دێنێت، جۆرێکیتر لەلاساییش هەیە کە بەدەرە لە مەعریفەو ڕاستگۆیی لە کرداری لاسایی کردنەوەی حەقیقەتە ئەسڵیەکە، ئەم جۆرە گواستنەوەیەکی میکانیکیە کە پشتی بە لە خشتەبردن بەستوەو خاڵییە لە حەقخوازی لێوان لێوە لە نەزانیی هیچ پەیوەست نیە بە جوانی و چاکەخوازی، ڕەنگە ئەو کەسەی پیادەی ئەم جۆرە دەکا بتوانێ سەرکەوتووبێت لە کایەی دروست کردن وبەخشینی چێژ، بەڵام ئەمە چێژی جوانیەکی ساویلکانەیە". (حلمي مطر،ل٣٩-٤٠)

لێرەدا توێژەر دەتوانێ بڵێت ئەفلاتون و هاوەڵەکانی بە ڕاشکاوی ئاماژەیان بە پێناسی شێوە نەداوە، بەڵکو ئەفلاتون تەنیا ئاماژەی لە لایەك بە مەرجەکانی سروشتی شێوەی باش و جوان داوە، هەروەها لە لایەکیتر ئاماژەی بە مەرجەکانی داوە بۆ شێوەیەك تا "جوان" بێت گوزارشت لە نەقاوەتی شێوەیەك بێت کە بەهێڵی ڕاست و یان سوچ (کوڕنە) یان بازنە پێك هاتبێت، نەك بە شوێن لاسایی کردنەوە یان گواستنەوەی میکانیکی بن، چونکە ئەم شێوازە لە خستنە ڕووی شیوەدا چێژێك بۆ گەمژە ساویلکەکان دروست دەکات، گوزارشت ناکا لە شێوەیەکی جوان کە هەڵگری بەهای ئیستاتیکی بێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهای شێوە لە هونەری هاوچەرخدا لە ڕێگەی کاریگەری بوونیدایە کە مەرج نیە جێبەجێکردنی ووردی یان گوستنەوەی پیت بەپیتی ڕەگەزەکانی سروشت بێت هەروەك چۆن ستۆلیز جیرۆم لە کتێبی ڕەخنەی هونەریی ئاماژەی پێداوە، چونکە هزرو تێگەیشتن وروانگە زاتیە(سۆبژێکیڤ)ە زێدەڕەوەکان شوێنی مەوزوعیەت (ئۆبژێکتیڤەکان) گرتەوە لە ڕووی هزرو ئەخلاق و هزرو شیوازدا لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا. لەوانەش؛ هونەری شیوەکاری بە تایبەتی لە قۆناغی مۆدێرنەدا کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێکرد کە زاڵ بوو بەسەر بەرهەمەکانی رۆمانتیکیەت ئیمرێسیۆنیزم(الانطباعية)و دواتریش کیوبیزم (التكعيبية) و سوریالیزم و دواڕۆژگەرایی و ڕێرەوە هونەرییە تازەکان وەکو تەعبیریەت و تەجریدیەت (ئەبستراکت) و هونەری چەمکگەرایی و هونەریی ڤیدیۆ و پەیکەرسازی تیشکیی ئەوانیتر.

کەواتە لەبەرامبەر ئەو هەموو ڕێبازو قوتابخانە تازانەو هاوچەرخە جۆراوجۆرو ڕەنگاو ڕەنگەدا، بێ گومان هەر جۆرێکیان هەڵوێست و ڕوانگەیەکی دیاریکراوی دەبێت کە جیاوازە لەوانیتر، لە ژێر فشاری فاکتەرەکانی وەکو هزرو وەرچەرخانەکانی و گەشەی تەکنەلۆژی و شۆڕشی زانیاری و کۆمۆنیکەیشنی نوێ لە جیهان.

ڕۆمانتیکیەت بەهای شێوەی لەدەستداو و تێکیدا بە خاتری بەرژەوەندی ناوەڕۆك و ناواخن و هەست و سۆزی زێدەڕۆ لە لایەن هونەرمەندو سۆزەکانی، وەرگێران و گەیاندنی ئەم سۆزە جۆشدارەش بەبێ گرنگی دان بەوەی شێوە بەهاکەی چی بەسەر دێت، ئەمەش لەلایەن بەرهەمە دیواریەکەی "چوونی شۆڕشگێڕان" ی پەیکەرساز فرانسوا رود جێ بەجێ بوو لەسەر مۆنۆمێنتی سەرکەوتن. (العبيدي،ل87)

بۆ نموونە با سەیری "شێوە" لەلای پەیکەرساز میداردو رۆسۆ بکەین، بە تایبەتی بەرهەمە شەمعیەکانی، یان سەیری کارە پێشووەکانی پەیکەرساز ڕۆدان و توانا تەعبیریەکانی شێوە بکەین، کە لەوێ ڕۆدان لە جیاتی تەواوی جەستەی مرۆڤ تەنیا یەك بەشی جەستەی دادەنا، یان کاتێك جەستەی بە ناکاملی یان بە نوقسانی دروست دەکرد، ئەمەش لە پای خزمەتکردنی لایەنی گوزارشتی ناوەڕۆك و ئەمەش درێژ دەبێتەوە بۆ هونەری هاوچەرخیش

باسی دووەم : وەرچەرخانەکانی شێوە لە هونەری نوێ ی هاوچەرخ.

توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەی وەرزی یەکەمدا ئاماژەی بە سەرەتاکانی وەرچەرخانەکانی شیوە کرد لە هونەری نوێ بە تایبەتی لای هەردوو پەیکەرساز ڕۆدان و ڕۆسۆ لە ڕەوەندی ئینتیباعیەتدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم شیوەیە ئەرکی ئینبیاعیەتی پەرەپێدا وەکو " ڕێکخستنی ڕەگەزە نێوەندگیریە مادیەکان کە بەرهەمی هونەری لەخۆی دەگرێ و پەیوەندی کردنیان گونجاوە، چونکە ئەو ڕێگایە نیشان دەدا کە هەریەکەیان کاریگەری لەسەر ئەویتر دادەنێت". (جیرۆم، ل٣٤٠)

لێرەدا ڕوونەو بەزەقی ئەو پەیوەندیە توندوتۆڵەو ئەو سیما جیاکەرەوەی پەیکەرسازی ئیمپرێشینزم دیارە، لە نێوان بونیاد و شیوەدا، جونکە ئیمپرێشینیزمیەت جەخت لە لێکۆلێنەوەی سەر بونیاد دەکا لە زۆربەی بەرهەمەکانی کە پەیکەرسازەکان لێکۆڵینەوەیان لەسەر بەرکەوتن و دانەوەی ڕۆناکی سەر ڕووی پەیکەرە ئیمپرێشینزمەکان کردووە، چونکە ئیمپرێشینزم گرنگی بە جوڵەو ڕەنگدانەوەی ڕوناکی دەدا لەسەر پەیکەر، ئاستی کاریگەری ئەو بونیادە تازەیە لە سەر شێوەو پەیکەری نوێگەرادا.

پەیکەرسازی نوێ لەسەر ڕوانگەی تازەدا بنیاتنرا، ڕوانگەیەك لە ووتاری بینین و تەئویل کردن و کاریگەری لەسەر "وەرگر" بینەر بۆ فەراهەم کردنی ئامانجە ئیستاتیکیەکان، پاش ئەوەی ئەم گوتارە بنیاتەکەی بریتی بوو لە لایەنی سۆزداری هونەرەمەند و وەرگر لەیەك ئاستدا، بە پشت بەستن بەوە دەتوانین" لە هەر ئەزمونێکی ئیستاتیکیدا سێ قۆناغ لەبەرامبەر کاری هونەریدا جیابکەینەوە"

یەکەم: دەرك پێکردن، تێگەیشتنی دەسبەجێ لە شتەکان (کارە هونەریەکان)

دووەم: کاردانەوەی سیستەمی سۆز لەبەرامبەر شێوەیەك، شتێك کە تێ ی بگات.

سێیەم: کاردانەوەی ئەقڵی بینەر لە بەرامبەر شتە دەرك پێکراوەکان". (ريد،ل٣٥)

ئەمەش ئەو مانایە دەبەخشێ ڕۆڵی شێوە لە هونەردا لە چالاکیەکی هەستیاری پەیگیردا وەرچەرخا بۆ دەرك پێکردنی ئەقلانی، ئەمەش لە خۆیدا وەرچەرخانێکی ڕیشەییە لە ڕۆڵی شیوەو ئەو گۆڕانانەی بەسەر هاتووە لەگەڵ ئەرکی پێرفۆرمەنس و داهێنان لە شێوەدا.

شێوە لە پەیکەرسازی نوێدا چەند وەرچەرخانێکی گرنگی بنەڕەتی بەدەست هێناوە بەهۆی کاریگەری بزوتنەوە هزریەکان (فیکر) یەکان و وەرچەرخانەکانی، هەروەك چۆن پێشووتر ئاماژەمان پێدا، بە پشت بەستن بەوەش شێوە چەند شیوازیتری تازەی لە هونەری پەیکەرسازی نوێ لە خۆی گرت پاش ئەو ئەو گۆڕانکاریە ڕێژەییانەی لە هەردوو بزوتنەوەی رۆمانتیکی و ئینتیباعی ڕوویدا، هەروەها پاش ئەو داهێنانە گرنگ وزیندووەی دروست کردنی "کامیرا" کە توانی بەشداربێ و ڕۆڵ ببینێ لە بنیات نانی فۆرمێکی نوێ کە ڕەنگە لە نزیك یان لە دوور لەو ئۆبژێکتە ناچێت، یاخود دوور دەکەوێتەوە لە ئۆبژێکتەکە تا خزمەتی چەمکێك یان

هزرێکی دیاریکراو بکات، یان ئامانجێکی دیاریکراو جێ بەجێ بکات هەروەك لە لایەن قوتابخانەی تەعکیبی کرا کە لە ڕێگەی پڕین و لکاندن وەکو تەکنیکێکی نوێ دەستی بۆبنیات نانی فۆرمێکی (شێوە) یەکی نوێ برد، تابتوانێ کێبڕکێ ی ئامێری کامیرا بکات لە ڕێگەی دروست کردنی گۆشەی بینین و دۆکیۆمێنت کردنی چرکەساتی جۆراوجۆر لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لە یەك پەردەی وێناکردنی یەکگرتوودا کە کامیرا لە توانایدا نیە ئەمە بکات، چونکە ڕۆڵی کامیرا سنووردارو بەستراوە بە دۆکیۆمێنت کردنی یەك چرکەساتی دیاریکراوی "کات" تەنیا لە گۆشەیەکی دیاریکراوی "شوێندا".
ئەمەش ئەو شێوازەبوو کە جۆرج براك و بیکاسۆ لەزۆرێك لەبەرهەمەکان پیادەیان کرد، کە ئەم شیوازە "دووری سێ یەمی" بەخشیە بەرهەمەکانی تەعکیبیەت لە کارە تازەکانیدا، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەندێ خامی نوێ لە پاشماوەی پێکهاتەی پیشەسازی یان تەکنەلۆژی کە ڕێگەی خۆش کرد بۆ دەرکەوتنی ئاسۆی تازە لە شێوەو و گۆڕانکاریە بنەڕتیەکانی، تا شێوە وای لێهات زۆر دوورکەوتەوە لە جۆرەکانیتری، شێوە لە پەیکەرسازی نوێ ی رۆمانتیکیەت یا ئیمپرێشینزمیەت کە تا ئاستێکی دیاریکراو دەستی گرتبوو بە بنیات نانی پەیکەر لە رێگەی نوێنەرایەتیەك کە لەلایەن جەستە و سنووری جەستە دەکرێت، کە بێجگە لە ڕادەیەکی دیاریکراو کاراکردن و زێدەڕۆیی لە جوڵەی جەستەو پارچەکانی و گوزارشەکان بە جێهێشتنی لێکچوونەکان هیچیتر نییە، کە بیکاسۆ چەند بەرهەمێکی پەیکەرسازی شێوازی (کیوبیزم) التكعيبية جێ بەجێ کرد.
پەیکەرسازی مۆدێرن لەم ئاستەی وەرچەرخان نەوەستا، پەیکەرسازەکانی مۆدێرنە چەندین یاریکردن و دەستکاریان جێبەجێکرد بەسەر ڕوخساری پەیکەرو جموجۆڵ وسادەکردنی تا ئاستێکی بەرز، هەروەها لە دروست کردنی پەیوەندی نێوان فۆرمی تازەو کە بناغەکەی بریتیە لە پەیوەندی نێوان فۆرمی پەیکەرو دەوروبەری، هەروەها پەنای بۆ دروستکردنی دەلاقەو کەلێنی داهێنانی تازە برد، لە دوایشدا ئەم خانمە؛ پەیکەرسازی ئینگلیزیش باربارا هیبورث بە دوای ئەم شیوازە کەوت و جێ بەجێیکرد لە چەندین بەرهەمی.
"دەبینین و تێدەگین چەندین بەرهەمی مۆر و هیبورث زیاتر ئەبستراکت بوو (تجريدي) بە تەواوەتی دوورکەوتنەوە بوو لە تایتڵ کردنی دیاریکراو، ماتریال و خامی تازەیان بەکاردێنا کە بریتی بوو لە تەل و بەردو ئێسقان و شتی تر بۆ خزمەت کردنی گەڕان بە دوای شێوازی نوێدا، شێوازیك کە بتوانی هەڵگری ئیستاتیکای نوێ بێت دووربێت لە دووبارەکردنەوەو نواندنی جەستەیی پەیکەرسازی، لە کاتێکدا جاکومیتی جۆرێك لە هێڵی مەعریفی یان برونزی ڕوخسار ڕەق ی سەپاند بەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

روخساری کاراکتەرەکانی " بیکاسۆ لە ساڵی ١٩٣٠ وە چەندین بەرهەمی پەیکەرسازی هەبوو کە لە هەموو شتێك دروستی دەکرد کە لە بن دەست بوایە، چەشنی کیسی کاغەزو قوتو و کاتژمێرو تەل و بەردو ئێسقان" (رید،ل١٠٤-١٠٥)

لە کاتێکدا بەرەو ڕووی چەندین بەرهەمی پەیکەرسازی مۆدێرن دەبینەوە کە پەیوەندیەکی بە پەیکەرسازی کۆن نییە، وەکو کارەکانی" دەیڤید سمیس" (شلیمان لە باخچەدا) و هەروەها کارەکانی "ئەنتۆنی کارو" و پەیکەرە ئاسۆیەکانی کە لە ماتریالی کانزایی و ڕەنگی ئالاو والای نوێ ی نێو جیهانی پەیکەرسازیدا.

لە دوای پەیکەرسازی مۆدێرنەدا، پەیکەرسازی بە قامەت و شێوەو خام و شیوازی تازە لە دۆخی شێوەو وێناکردندا گواسترایەوە بۆ پێکهاتەو فۆرمێکی دەوڵەمەند، چیتر وەکو پەیکەری جەستەو بەرجەستەی دیاریکراو نەما، بەڵکو وەرچەرخا بۆ سیمای ناجەستەیی (دەشتوانین بڵێێن-بێ سیمای مێینەیی یان نێری پەیکەر،یان گشتیتر بێ کاراکتەر) بە هۆی ئەو هەموو گەشەو وەرچەرخانە فراوانانەی هزرو تەکنیك وتەکنەلۆژیاو گەڕانەوەی بێ سنووری هونەرمەند بۆ خود (خودگەرایی-زاتیەتیەتێکی قوڵ) بە هۆی کاریگەری ئەم ڕێکارو دیسپلینە تازانە، کە بواری فرواوانی دا بەم فاکتەرە نوێیانە کە بگۆڕێن و ڕچەشکێن بن بۆ ئاسۆی پێکهێنانی پەیکەرسازی دوای مۆدێرنە (پۆست مۆدێرن).

لە بەشێك لەم شێوەکارە تازەدا؛ پەیکەر بارستەی (قورسی- وزن) ی لە دەستدا، بارستەیەکی وای نەما کە جێگای باس کردن بێت چەشنی پەیکەرسازی ڕوناکی، یان سیمای کاراکتەری لە دەستداو وەرچەرخانی گەورەی بەسەرهات لە شێوەو خام و تەکنیك و پێرفۆرمانس و شیوازو ناوەڕۆك و ڕێگاکانی نیشاندان و بەجێهێشتنی ئیدەی یان پابەندی کاریگەری دانانی هونەریی، کە پەیکەرساز خەمی ئەوەی نەبوو بەرهەمە هونەریەکەی کاریگەری درێژخایەنی هەبێت بۆ داهاتوویەکی دوور، بەڵکو بە پێچەوانەوە؛ بە شوێن ئاکشنێکی لە ناکاو و بەپەلەو کەنارخراو و تێکهەڵکێشی هزرەکان بوو، هەروەکو چۆن دوشامب و مبولتەو مانزۆنی جێ بەجێیان کرد لە جۆرەکان و لە هێما ڕوناکیەکانی مەکینەو ئامێرەکانی پیشەسازی، چیتر ئەو شێوەیەی لەبەردەمانە وەکو شێوە گرنگی نەما، بەڵکو ئەو ئاکشنەی دەیکا گرنگە، ئەو ئاکشنە نامۆ و سەرسوڕهێنەرو تازەیەی دەیکا گرنگی هەیە، بە حوکمی شۆڕشی زانیاری و پەیوەندی و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی ئینتەرنێت و لق و پۆپەکانی، کاریگەری ئەوە وەرچەرخانانە بەسەر هونەر لە کوردستاندا دەستی پێکرد، بە ڕێگای جۆراو جۆر پەیکەرسازەکانی کوردستان کەوتنە ژێر ئەم کاریگەریە تازانەو پێ ی ئاشنابون کە ڕەنگە لە دوورترین شوێنەکانی جیهان ڕوویدابێت ئەوان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرە لە شارەکانی خۆیان بەدواچوونیان بۆ کردبێت لە ڕێگای تۆڕەکانی پەیوەندی و تۆڕەکانی ئینتەرنێت.

## پێوەرە ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری :

توێژەر لە توانایدا بووە چەند کاریگەریەکی چوارچێوەی تیۆری دیاربکات کە بریتیە لە :

١-چەمکی شێوە لە هونەردا، جۆربەجۆرەو گۆڕانی بەسەرهاتووە بە ئاستی جۆراوجۆری هزرو فەلسەفەو ئیستاتیکا ناسەکان.

٢- تازەگەرایی ڕۆمانتیکیەت ئیمرێسیۆنیزم(الانطباعية)لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە دەستی پێکرد کیوبیزم (التكعيبية) لە سەدەی بیست.

٣- لە دوای هونەری پۆست مۆدیرنەوە "شێوە" ناسنامە و شوناسی خۆی بەجێهێشت.

٤-مۆدێرنە (تازەگەرایی، نوێخوازی) ئاسۆی تازەی کردەوە لە سەرئاستی خام و تەکنیك و شیوازو گوزارشی تاکەکەسی (زاتی) لە دونیای پەیکەرسازیدا.

٥-پەیکەرسازی نوێ و هاوچەرخ دەستی بە گەڕان کرد بە دوای شتی نوێ و نایاب و نامۆ.

٦-پەیکەرسازی نوێ بیرۆکەی "کاریگەری هونەریی" فەرامۆش کرد لە هەندێك لە بەرهەمەکانی گرنگی دا بە بەرهەمهێنانی خێرا کە بۆ قۆناغی کورت دەست بدات.

٧-پەیکەرسازی پۆست مۆدێرن (دوای قۆناغی نوێگەرایی) بە ڕەگەزکردنی لە دونیای پەیکەرسازی لاداو، وەکو ڕوناکی و هونەری زەوی و هونەری میتۆدگەرایی و ..هتد لێهات.

## بەشی سێهەم : بەجێهێنانی توێژینەوە

کۆمەڵگای توێژینەوە : دوای پشکنین و گەڕان بەنێو بەرهەمە پەیکەریەکانی هونەرمەند بورهان سابیر کەوا خۆیدەبینێتەوە لەچوارچێوەی توێژینەوە (وەرچەرخانی شێوە)، توێژەر ڕوبەڕوی قورسی لەتوانابوون هات بۆ دیاریکردنی بەرهەمەکان بە شێوەیەکی ورد لە نێوان زیاتر لە 100 بەرهەمی پەیکەردا.

ئامرازی توێژینەوە : تێبینی و خوێندنەوەی قوڵی بابەتیانە بۆ بەرهەمەکانی هونەرمەند بورهان سابیر و ئەو وەرچەرخانەی کەوا لەبەرهەمەکانیدا هەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میتۆدی توێژینەوە: توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری وەك میتۆدێ بۆ توێژینەوەکە بەکارهێناوە لەبەر ئەوەی خاوەنی کۆمەڵێ خەسڵەتی وەهایە کە دەگونجێت لەگەڵ سروشتی بابەتی توێژینەوەکەو ئانجەکانی.
نمونەی توێژینەوە : توێژەر سێ نمونەی هەڵبژاردوە لەو نمونانەی کەوا وەرچەرخانی شێوەی تێدا بەدیدەکرێت لەنێو ئەو نمونانەی کەوا لەبەرهەمەکانی هونەرمەند بورهان سابیردا هەن.

## لێکۆڵینەوەی شیکاری بۆ شێوەنمونەکانی توێژەر



نمونەی یەکەم
ناوی هونەرمەند : بورهان سابیر
ناونیشانی پەیکەر : ماسك
ساڵی بەرهەمهێنانی : 2004
کەرستەی بەکارهاتو : هەویری بورهان
قەبارەی پەیکەر : یەك مەتر

ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەك دەبینرێت ئەم بەرهەمەی هونەرمەند بورهان سابیر پێکهاتوە لە ڕوی پێشەوەی سەری مرۆڤ (پۆرترێت)، هونەرمەند توانیویەتی ئازادانە گوزارشت بکا لە ئاستی دەربرین و شێوە و کەرستەدا، لەبەرامبەر پێوەرەکانی شێوەدا هونەرمەند بورهان سابیر توانیویەتی لەم پەیکەرە پۆرترێتیەدا زیادەڕۆی ئەنجام بدات لە درێژکردنەوەی بەشەکانی دەموچاوی ئاسایی مرۆڤ، بەتایبەت لەو سێ ناوچەیەی کەوا ناوچاوان لوت و دەم لە رووی مرۆڤی ئاسایدا بەدەردەکەوێت. لەم پەیکەری هونەرمەند واهاتوە لوتی بەشێوەیەکی نائاسای درێژکراوەتەوە بە پێچەوانەی بەشەکانی ناوچاوان ودەم  کەوا نزیك بۆتەوە لە نەبوون و نەمانی پێوانەی روخساری مرۆڤی ئاسایی. ئەمەش وەك ئاماژەیەك دەردەکەوێت کەوا هونەرمەند بە ویستی گوزارشتکردن و دەرخستنی وەرچەرخانێکی تازە لە شێوەیەکی نوێدا پێشان بدات.

سەرەڕای ئەوەش بەویست هونەرمەند گرنگی بە ناوچەی چاوەکانی پەیکەرەکە نەداوە بەڵکو لە بەرهەمهێنانیدا پشتگوێی خستوە و وردەکاری نابینرێت لە دەرخستنی چاوەکاندا، ئەمەش وەك ئاماژەیەکیتر لەلایەن هونەرمەند بورهان سابیر بەدەردەکەوێت لە بەرهەمە هونەریەکەیدا.

هەروەها دەبینین هونەرمەند هیچ گرنگیەکی بە لایەنی ئەناتومی هەردوو لای ڕومەتەکانی پەیکەری سەری مرۆڤەکە نەداوە بەڵکو لەجیاتی بەرزکردنەوەی ناوچەی ڕومەتەکان وەك لە شێوەی مرۆڤی ئاسایدا بەدیدەکرێت بە پێچەوانەوە نزمیکردۆتەوە، ئەمەش پێدەچێت بۆ خزمەتی دەربرینی بیرۆکەی هونەرمەندبێت.

هونەرمەند هەوڵیداوە لەم پەیکەرەدا گوزارشتبکا لە بێئومێدی و داروخاوی مرۆڤی هاوچەرخ بەتایبەت وەك ئەوەی دەبینین هیچ هارمۆنیەك و گونجانێك لە ڕوی ئەم مرۆڤە بەدیناکرێت کەوا هونەرمەند لەم پەیکەرەدا گوزارشتی تێدا کردوە، تائەو ئاستەی گۆڕانکاری تەواو دەبینرێت لە پشتگوێخستن و دورکەوتنەوە لە دەمووچاوی مرۆڤی ئاسایی. ئەمەش بۆ ئەوەیە بەتەواوی ئاماژەکان بخاتە خزمەتی ئەو بیرۆکەیەی کەوا دەیەوێت لە ڕێگای ئەو گۆڕانکاریانەی کەوا لە شێوەدا بە ئەنجامی گەیاندوە گوزاشتی لێبکات.

بەگشتی لە کۆی روخساری ئەم پەیکەرەدا دەگەینە ئەو ئاماژە ڕونەی کەوا هونەرمەند لە ڕێگای ئەو وەرچەرخانەی کەوا لە شێوەدا خستویەتیە ڕوو بریتیە لە ڕوخسارێکی تەواو ماندوو و بێ هیوا.

هونەرمەند بورهان سابیر توانیویەتی بەشێوەیەکی باش سود لەو هەویرە تایبەتەی خۆی وەربگرێت لە بەئەنجام گەیاندنی ئەو وەرچەرخانە بنەڕەتیەی کەوا لە شێوەکاندا بە ئەنجامی گەیاندوە. هەروەها هونەرمەند سەرکەوتوانە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توانیویەتی بەشێوازێکی داهێنەرانە دەربڕین بکا لەو بیرۆکانەی کەوا مەبەستیەتی بیانخاتە بەردەم دیدی بینەران و گوزارشتیان تێدا بکات، وەك لەو بەرهەمانە دەبینرێت کەوا بریتین لە ڕوی پێشەوەی سەری مرۆڤ.

نمونەی دووەم



ناوی هونەرمەند : بورهان سابیر
ناونیشانی پەیکەر : مرۆڤ
ساڵی بەرهەمهێنانی : 2000
کەرستەی بەکارهاتو : هەویری بورهان
قەبارەی پەیکەر : دوو مەتر

لەم پەیکەرەدا؛ پەیکەرساز بورهان سابر باس لە جەستەی مرۆڤ دەکا وەکو سەرچاوەی خەڵق کردن لە گەردوون، سەرچاوەی خەڵق کردنێك بۆ خود و سەرچاوەی ترس ونیگەرانی لە خودەوە بۆ کەسانیتر، سەرچاوەی خەڵق کردنێك لە "بوون"ی خود لە گەردوون و لە خەم و نهێنیەکانی ئەم گەردونە سەرسامە، لە ڕوانگەیەکی سۆفیانەی هونەرمەند بۆ گەردون و خەڵق کردن و دۆش داماوی مرۆڤ لەم گەردونەو خەمەکان و ئەندێشەکانی و ڕوانینەکانی کە هێور نابنەوەو سەرچاوەکەشی ئالودە بوونی ئەو مرۆڤەیە بە "خالق" ی گەورەو دۆخی ئەو سۆفی بوونە قوڵە لە دروستکراوی یەزدان بە شێوەیەکی گشتی و پەیوەندی "خالق" بە "مەخلوق" و هەوڵدانی بێ هودەو ئەبەدیی مەخلوق بۆ گەیشتن بەم وەڵامانەی کە ڕەنگە هەرگیز دەستی نەکەوێت چەندە زەمەن درێژە بکێشێت.
توێژەر جەخت دەکاتەوە؛ کە دەست نیشان کردنی ئەو ڕەهەندە سۆفیگەرایە لەو بەرهەمانە بەروبومی چاوپێکەوتنێك بووە لە گەڵ هونەرمەند بورهان سابر لە شاری هەولێر. (چاوپێکەوتن لە گەڵ بورهان سابر)
هونەرمەند بورهان سابر وەرچەرخانێکی ڕیشەیی کردووە لە بابەتی شێوە، ڕەنگە شێوە لای ئەو وەلامێك بێ بۆ ووردبونەوەو ڕوانینە سۆفیەگەریەکەی کە لە چاوپێکەوتنەکە ئاماژەی پێدا، لێرە شێوە داماڵراوە (تەجرید کراوە) بۆ ئەوپەڕی سنووری داماڵین (تەجرید کردن) و هەموو شتە زیادەکانی وەلانراوە، سەرێکی تەواو کراو لێرە نیە، تەنها شێوەیەکی سێگۆشەیی دووپات و هێمایە بۆ ناوچەی سەرو ئەمەش ڕەهەندێکی تەجریدی تەواوە، کە پەیکەرساز لەسەرجەم پارچەکانی پەیکەرە جەستەییەکانیتریشی بەکاریهێناوە. ناوچەی یا شوێنی سەری پەیکەرەکەی بە تەواوی داماڵیوەو تەنیا سێگۆشەیەکی چەقاندۆتە سەر ملی پەیکەرەکە، ملەکەش وەکو تەلێك وەکو تەنێکی ئاسنی چەشنی عامود داناوە کە ئەو سەرە سێگۆشە باردەکا لەسەر خۆی، ئەم ملە لە سەر دووشانی بچووکراو یان کورتکراو دانراوە، کە لە لای ڕاست و لای چەپی ئەم شانانەش چەند پارچەیەکی کورت هەڵواسراوان وەکو ئاماژە بۆ دەستەکانی پەیکەر.
هەموو ئەوانە کراوە بە هۆی بەکارهێنانی ئاماژەدان تەنیا لە ڕێگای هێمادان بە پارچەکانی جەستە، تەنیا بۆ بابەتی تەعبیرکردن (گوزارش کردن) ی پێرفۆرمانسی شێوەی نوێ. کورت کردن و تەجرید کردن بۆ زۆربەی پێکهاتەکانی جەستە کراوە، تەنانەت جەستە خۆی وەکو سێگۆشەیەك هاتووە لەسەر حەوزو ناوەڕاست دانراوە، هونەرمەند تەنیا بە دانانی دوو خاڵ ئاماژەی بە مەمکەکان کردووە لەو پەیکەرە مێیینە تەجریدکراوەدا کە دەستکەوتێکی شێوەسازی هەستپێکراوی بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەست هێناوە بە پشت بەستن بە تەجرید کردن و لێکردنەوە، لە بابەتی "زیندانی کردنی مرۆڤ بە گشتی و مێ بە تایبەتی.

شوێنی حەوزی ئافرەتەکە کە وا چاوەڕوان کراوە لە هەموو شوێنێکتری جەستە پانترو گرنگتر بێت، بەڵام هونەرمەند بە ئەنقەست بچووکی کردۆتەوە بۆ سێگۆشەیەکی بچووك و لاواز کە ناگونجێت لە گەڵ سایزی سروشتیی و ئاسایی حەوز لای ئافرەت.


ئەمە تەجریدکردن و لێکردنەوەو ڕوای پەیکەرسازە بە دروست کردنی ئاماژە بۆ بەشەکانی جەستەو سەر، کە ئەمەش شێوازێکە پەیکەرساز خۆی لەم پەیکەرەو نموونەکەی پێشوو جەختی لێکردۆتەوە. ئەمە شێوازێکە تەنیا ئاماژەو هێما دانە بە پارچەکان بە سایزی بچووکتر لە خۆیان و ئەوپەڕی تەجرید کردن تا دەگاتە ئاستی لێکردنەوەو داماڵینی تەواو.

ئەو وەرچەرخانانەی شێوە لە لای بورهان سابر دووپاتی شێلگیری ئەم پەیکەرسازە دەکاتەوە؛ لەو گۆڕانانەی بە سەری شێوەی جەستەی تەواو یان پارچەی مرۆڤ جێ بەجێ ی دەکات کە پاڵنەرو سەرچاوەکەی هزرو ئەندێشەی سۆفیزم و سوودگەیاندنێکە بۆ بابەت و ئەو پێرفۆرمانسە تەعبیری و هونەریەی کە بە دەستی هێنا.

ئەم نموونەیە تاکە دانە نیە لە ئیشەکانی پەیکەرساز، بەڵکو چەندین ئیشیتری هەیە کە هەڵگری هەمان میتۆد و شیوازو پێرفۆرمانسە لە بەکارهێنانی جەستەی مرۆڤ و تەجریدکردن و ڕوخسار داماڵینە، هەروەکو چۆن ئەم کۆمەڵە نموونەیە پشتگیری ئەم جۆرە دەکەن.

نمونەی سێهەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



ناوی هونەرمەند : بورهان سابیر
ناونیشانی پەیکەر : ئافرەتی بێ سەر
ساڵی بەرهەمهێنانی : 2000
کەرستەی بەکارهاتو : هەویری بورهان
قەبارەی پەیکەر : دوو مەتر

پەیکەرساز بورهان سابیر لێرە دووپات لە گۆڕانکاری و وەرچەرخانەکانی "شێوە" دەکاتەوە لە چەند لایەنێك یان لە سەراپای بەرهەمێکیتری. پەیکەرساز لەم بەرهەمەدا سادە کردن وکورت کردنەوە (الاختزال) پێشکەش دەکا هەروەك چۆن لە نموونەکانی پێشوو، نموونەکانیتر کە پاڵپشتی ئەم بوارەن و نیشانیدا، بەڵام لێرە لەوانەش زیاتر ڕۆیی، بە جۆرێك کە "سەر"ی بە تەواوەتی لابرد و ملی ئاوا بە بێ سەرو بە کورتکراوی جێهێشت، ملەکەشی بە جۆرێك دروست کردووە کە پارچە ئاسنێکی باریك و بچووکی بێ سەر نوێنەرایەتی دەکات.

لێرەدا پەیکەرساز، لە سیستەمی وەرچەرخانەکانی شێوەدا لە ئەزمونی خۆی و لەسەرجەم بەرهەمە تازەکانی وەرچەرخانێکیتریشی بە دەست هێنا، ئەمانەی پێشوو هەمووی لە لایەك و ئەم شێوازە نوێیە لە جێبەجێکردن لە لایەکیتر. چونکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم شێوازە تازەدا؛ شێوە بێجگە لە لابردنی سەرو کورت کردنەوەو سادەیی کردنەوەیدا، چەشنی لابردنی پارچەو پێکهاتەکانی و لە توێ ی هەوڵەکانی ئەو بۆ بنیات نانی "شێوەیەکی تازە" و "بونیادێکی" نوێ، شێوە لای ئەو گەیشتە شوێنێك بریتی بێ لە دروست کردنی هێڵەگشتیەکانی جەستەو کورتکردنەوە لە چەندین پارچەو پێکهاتەدا، لەم ڕێگایە توانی پەیوەندیەکی نوێ ی "شێوە" دروست بکات کە پشت بەجوڵەی دەستەکان دەبەستێ و بەروخسارێکی ئەندازیاری تەجرید کراو، بۆ فەراهەم کردنی شێوەیەکی ئەندازەیی نزیك لە چوارگۆشە، تا بارسەنگیەکی ئەتمۆسفیریی لە گەڵ سەراپای جەستەکە دروست بێت، کە جەستەکە خۆشی کورتکراوە.
پەیکەرساز سیمای کارەکەی لە تەجریدکردن ئەو شێوە نوێیە بەدەستی هێنا، ئەمەش هەوڵێکی سۆفیگەرانەی هونەرمەندە لە ئاکامی بێ وەڵامی لە گەیشتن بە پێویستیەکانی ڕوانینی سۆفییانە، ئەمانە ئەو شتانەن کە تەنیا تەجریدبوون دەتوانێ نوێنەرایەتی بکات، چونکە گەڕان بە دوای "خود،زات" لەم گەردونەدا و نهێنیەکانی خالق و هەوڵەکانی سۆفیزم بۆ لە چوارچێوەگرتنی ئەم هەوڵانە لە بوون ی هەست پێکراو بینراودا "مادی" بەردەماندا، تەنیا لە ڕێگەی تەجرید کردن و داماڵین مەیسەر دەبێت، چونکە ئەمە تەعبیرە لە دۆخێکی بەرزی نموونەیی "مثالي، میسالی" کە لە تواناشدا نیە ئەم شتە بەرزە میسالیە نموونەییە بەرجەستە بکرێتەوە لە ڕێگەی هەست پێکردنی ڕاستەوخۆ عەقڵ وهۆش، بۆیە ئەم ڕوانین و بیرکردنەوەیە، ئەوە خەم و ئەندێشەیە هەرگیز کۆتایی نایە.
کەواتە لێرە پەیکەرساز توانی بە پێ ی گۆڕانکاری وەرچەرخانەکانی شێوە بونیادێکی تازە دروست بکات کە فەزا ناوخۆییەکانی ئەکتیڤ و زیندوو کردووە، بە هۆی بوێری پەیکەرساز لە دروست کردنی جوڵەی دەستەکان و تەجرید کردن لابردنی بەشەکانیتری جەستە.
زیاد لە گۆڕانکاریی وەرچەرخانەکانی شێوە لەم پەیکەرەدا، گۆڕانکاریەکیتریش هەیە لە جۆری ئەو خامەی بەکارهاتووە کە لە ماتریال و شتی نوێ هاتووە، هەروەها بە ڕەنگی پەیکەرەکەش جیا دەکرێتەوە، کە بوێری بورهان سابر لە دەست بردن بۆ ئەم وەرچەرخانانە لە شێوەی پەیکەرەکانی جەستە کە لە زیاد لە پەیکەرێك بە دەستی هێناوەو جێ بە جێیکردوون، ئەمەش خۆی تیشك دەخاتە سەر دیاردەیەکی "داهێنان" لەو نموونەیەو ئەو نموونانەی کە پاڵپشتن.

## بەشی چوارەم : ئەنجامی توێژینەوە

ئەنجامەکان :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوابەدوای بەجێگەیاندنی پرۆسەی شیکردنەوەی هونەریانە لە لایەن توێژەر بۆ هەرسێ نمونەی هەلبژێردراو نمونە پاڵپشتیکراوەکان گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە.

1. لە ئەنجامی سادەکردنەوە و دابرینی شێوەکان لە شێوە ڕاستەقینەکان، پەیکەرساز وەرچەرخانی بەدیهێناوە لە بەرهەکانیدا وەك لە نمونە شیکراوەکاندا دیارە.
2. هونەرمەند بورهان سابیر دوپاتی بیرۆکەی سوفیانە دەکاتەوە لە وەرگێرانی بۆ شێوە ئەبستراکتەکان وەك لە بەشێکی زۆری بەرهەکاندا بەدی دەکرێت بەتایبەت ئەو نمونانەی کەوا شیکردنەوەیان بۆ کراوە.
3. پەیکەرساز وەرچەرخانی بەدیهێناوە لە شێوەکان بەهۆی نەهێشتنی بەشێکی لاشەو بڵاوە پێکردن و ئەستراکت کردنی بەشەکانیتر بۆ خزمەتی بابەت و گوزارشتکردن. وەك لە نمونەی سێهەم.
4. لە ئەنجامی سادەکردنەوە و دابرینی شێوەکان لە شێوە ڕاستەقینەکان، پەیکەرساز وەرچەرخانی بەدیهێناوە لە بەرهەکانیدا وەك لە نمونە شیکراوەکان.
5. هونەرمەند بورهان سابیر دوپاتی بیرۆکەی سوفیانە دەکاتەوە لە وەرگێرانی بۆ شێوە ئەبستراکتەکان وەك لە بەشێکی زۆری بەرهەکاندا بەدی دەکرێت بەتایبەت ئەو نمونانەی کەوا شیکردنەوەیان بۆ کراوە.
6. پەیکەرساز وەرچەرخانی بەدیهێناوە لە شێوەکان بەهۆی نەهێشتنی بەشێکی لاشەو بڵاوە پێکردن و ئەستراکت کردنی بەشەکانیتر بۆ خزمەتی بابەت و گوزارشتکردن. وەك لە نمونەی سێهەم.
7. پەیکەرساز توانیویەتی گواستنەوەیەکی جۆری بەدیبهێنیت لە بزوتنەوەی پەیکەرسازی کوردستان لە ڕێگای ئەو وەرچەرخانانەی لە شێوەکاندا هێناویەتیە بەرهەم لە پەیکەرەکان بەگشتی لەگەڵ ئەو کەرستە تایبەتیەی کەوا بەکاری دەهێنێت لە بەرهەمهێنانی پەیکەرەکاندا.
8. پەیکەرساز بورهان سابیر توانایەیەکی بەرزی نیشانداوە لە چونیەتی گوزارشت کردن لە بابەتەکانی پەیکەری دەموچاو (پۆرترێت) بەهۆی ئەو کردارانەی لە بەشەکانی دەموچاو ئەنجامی دەدات بۆ خزمەتکردن بە بابەت و گوزارشتکردن لەو دەربرینە تازانەیدا.
9. وەرچەرخانەکانی شێوە لە پەیکەرەکانی بورهان سابیر تایبەتمەندی دەدەن بە پەیکەرەکانی پەیکەرساز وەك ناسنامەیەك بۆی لە ئاست شێوە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گوزارشتکردن و جێبەجێکردن بە هۆی ئەو کەرستە تایبەتەی کەوا تایبەتە بە پەیکەرساز.

10. بیرۆکەی نا هاوسنگی لە جەستە و درێژکردنەوەی بەشێك لە جەستەی پەیکەرەکان سیمای دیاری ئەو وەرچەرخانەن کەوا لە پەیکەرەکانی بورهان سابیر دەبینرێن

## سەرچاوەکان :


1. أبن منظور، جمال الدين محمد بن مكرم الانصاري, لسان العرب, ج3، دار لسان العرب, بيروت، 1956.
2. افلاطون، الجمهورية: تر: حنا خباز، بيروت، دار التراث، ب ت.
3. أميرة حلمي مطر: فلسفة الجمال، القاهرة، ط2، 1984.
4. جيروم. ستولينتز. النقد الفني, ت. فؤاد زكريا, مطبعة جامعة عين شمس, 1974.
5. ديوي ، جون . الفن خبرة ، ت : زكريا ابراهيم ، م : زكي نجيب محمود ، دار النهضة العربية : القاهرة ، 1963.
6. ريد، هربرت: النحت الحديث،ت.فخرى خليل ، دار الفارس،1994.
7. ريد، هربرت: مائة عام من النحت الحديث، مقالة في أفاق عربية، العدد 2، 1989
8. سانتيانا ، جورج . الاحساس بالجمال ، ت : محمد مصطفى بدوي ، م : زكي نجيب محمود ، مكتبة الانجلو المصرية، ب ، س .
9. العبيدي، جبار محمود، القيمة و المعيار الجمالي في التشكيل المعاصر،
10. نوبلر ، ناثان .حوار الرؤية ،ت :فخري خليل ، م :جبرا ابراهيم جبرا، دار المأمون : بغداد، 1987.
11. يوسف اخياط؛ قاموس المحيط، بيروت، دار لسان العرب، 1955.
12. اجرى الباحث لقاءً مطولاً مع الفنان برهان صابر في مدينة اربيل كردستان العراق بتاريخ ( 2019/2/23 ) الساعة (11:00 ) المكان (اربيل ، جامعة جيهان).



## ملخص البحث

يتناول البحث موضوع تحولات الشكل في اعمال النحات برهان صابر، كما يسعى البحث ايضا الى إيجاد (تحديد) هذه التحولات عبر مجموعة من اعمال الفنان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزیی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت - هەولێر- کوردستان- عێراق
بەرگی (٤) - ژمارە (٤)، پایز ٢٠١٩
ژمارەی تۆماری نیودەوڵەتی : ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هذا البحث المعنون (تحولات الشكل في منحوتات الفنان برهان صابر) يتكون من أربعة فصول:
الفصل الاول: يتألف من مشكلة البحث واهميته ونتائجه وحدوده وتحديد المصطلحات.
الفصل الثاني: تناول الإطار النظري المتكون من مبحثين:
المبحث الاول: الشكل ومكانته في القيمة الفنية التشكيلية.
المبحث الثاني يتكون من تحولات الشكل في الفن المعاصر.
الفصل الثالث: يتناول التطبيق العملي للبحث وتحليل عدد من العينات المختارة من اعمال النحات برهان صابر لغاية تحديد مطالب هذا البحث.
الفصل الرابع: يتألف من نتائج البحث التي توصل اليها الباحث بعد تحليل عينات من اعمال النحات برهان صابر والتي تتلخص فيما يلي:

1. النحات يحقق تحولا في انتاجه كنتيجة للتبسيط وقطع الاشكال من أصلها الواقعي، كما يظهر في النماذج المتناولة بالتحليل.
2. يستعيد الفنان برهان صابر الفكرة الصوفية وذلك بترجمتها الى اشكال تجريدية مثل القسم الأكبر من نتاجه وبالأخص النماذج المدروسة.
3. يتوصل النحات الى التحولات في الشكل عن طريق اختزاله لقسم من الاجسام وتناثرها وتجريد الأقسام الأخرى لخدمة الموضوع ولخدمة التعبير. كما نراها في النموذج الثالث

## Abstract

This research concerns the transformations of the form in the work of Burhan Sabir, and also seeks to determine these transformations through s work.’some examples of the artist
Transformations of form in the sculptures of the “ This research entitled is divided into four sections: ”artist Burhan Saber
problematic of this search, The first part is about the definition of the its importance, its results, and its conceptual terminology.
The second part is related to the theoretical framework, which is divided into two sections:
the first section discusses the form and its importance in the value of - plastic art.

the second section concerns the transformations of form in -
contemporary art.
The third part is devoted to the practical application of the research and
s work ’it analysis a selected number of samples of the sculptor Burhan Sabir
in order to determine the finalities of this research.
The fourth part consists in the results obtained by the researcher
s work, which are ’through the analysis of samples of Burhan Sabir
summarized in three parts:
1-The sculptor Burhan Sabir realizes the change in his work, as a result
of a simplification and rupture of the form of their realist origin, as shown in
the samples analyzed.
2-The artist Burhan Sabir uses again the Sufi idea, through translating it
into abstract forms as the major part of his creation.
3-The artist manages to transform the form by purifying some parts of the
body and by abstracting other parts, in order to serve the subject and the
expression, as we can see in the third sample.